الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## پەرەی راستی #٢
## کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

**ئایا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق چیە؟**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەزگایەکی دەستوریە کە بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن و ڕێفراندۆمە نیشتیمانیەکان لە عێراق بە گوێرەی دەستور، یاسا و ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەربەخۆیی کرداریی و کارگێڕی هەیە، کەسایەتی یاسایی خۆی هەیە و کردارەکانی لە لایەن یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە ٣١ ساڵی ٢٠١٩ بەڕێوە دەبرێن. بەگوێرەی ماددەی ١٠٢ لە دەستووری عێراق کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە سەربەخۆ دادەنرێت، کە دەکەوێتە ژێر چاودێریکردنی ئەنجومەنی نوێنەران. لە ئەنجومەنی کۆمسیاران و کارگێری هەڵبژاردن پێکدێت.

**ئایا ئەرکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان چیە؟**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕێنماییەکان و سیاسەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و ڕێفراندۆم لە عێراق ئامادە دەکات و دڵنیای جێبەجێکردنیان دەکاتەوە. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەڵبژاردن و ڕیفراندۆمە فیدراڵی و ناوخۆییەکان ڕادەگەیەنێت و چاودێریان دەکات. هەروەها توانای هەیە بۆ برەودان بە کەلتوری هەڵبژاردن، هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران و کردارە دیموکراتیەکان.

**ئەنجومەنی کۆمسیاران لە چی پێکهاتووە؟**

ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆ ماوەی چوار ساڵ پێک دەهێنرێت. لە نۆ ئەندام پێک دێت بۆ ماوەی چوار ساڵ کە تەنها بۆ یەک خولە و نویێ ناکرێتەوە. حەوت لە ئەندامەکان دادوەری پلە یەکن، پێنجیان لە لایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێردرێن، دوو دادوەری پلە یەک لە لایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تیروپشک هەڵدەبژێردرێن.

دوو ئەندامەکەی تریش لە لایەن ئەنجومەنی وڵاتەوە لە ڕێگەی تیروپشک دەسنیشانکراون لە لایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەری هەڵدەبژێردرێن.

ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران ناکرێت بکەونە ژێر کۆتایی پێهێنان یان دەرکردن جگە لەو حاڵەتانەی تاوانبار دەکرێن بە تاوانێکی پێشێلکاری شەرەف یان کاتێک لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەران لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەنجومەن مافی هەیە ئەرکەکانیان لێ وەربگرێتەوە و ئەگەر بە زۆرینەی ڕەها بڕیار بدرێت. ئەندامیەتی لە ئەنجومەنی کۆمسیاران لە حاڵەتی دەست لەکارکێشانەوە، مردن و دۆخێکی پزیشکی کۆتایی پێدێت کە ڕێگر بێت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی. لەم حاڵەتانەدا، ئەندامیەتی لە ئەنجومەنی کۆمسیاران بە هەمان شێوازی هەمان جۆر پڕ دەکرێتەوە.

**ئایا پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (هەیکەل ئیداری) ئەنجومەنی کۆمسیاران چۆنە؟**
ئەنجومەنی کۆمسیاران سەرۆک و جێگری سەرۆک و بڕیاردەرێکی هەیە کە لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران هەڵدەبژێردرێن. سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران نوێنەری یاسایی ئەنجومەنی کۆمسیارانە. سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران و جێگری سەرۆک کاری ڕێکخراوەیی و کارگێڕی ئەنجومەنی کۆمسیاران بەڕێوە دەبەن؛ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران ڕێکدەخەن و هەموو کارێکی دەکەن کە ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆیان دیاری دەکات. سکرتاریەتی گشتی ئەنجومەنی کۆمسیاران بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی کاری کارگێڕی و ڕێکخراوەیی ئەنجومەنی کۆمسیاران. بەشی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان بەرپرسیارە لە دەرکردنی مۆڵەتی دامەزراندنی پارتەکان و بەدواداچوون بۆ چالاکیەکانیان بەگوێرەی یاسای پارتە سیاسیەکانی ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ و سەر بە ئەنجومەنی کۆمسیارانە.

**ئایا پێوەری شایستەبوون بۆ خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی کۆمسیاران چیە؟**
ئەو کەسەی خۆی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەپاڵێوێت پێویستە هاونیشتیمانیانی عێراقی بێت و بە هەمیشەیی دانیشتووی عێراق بێت؛ ڕەوشت و ڕەفتاری باش بێت؛ لە ڕووی سیاسیەوە سەربەخۆ بێت. نابێت کەوت بێتە ژێر سزای لێژنەی نیشتیمانی باڵا بۆ لێپرسینەوە و دادپەوەری. نابێت بە تاوانێک تاوانبار کرابێت یان بە شێوەی نایاسایی دەوڵەمەند بوو بێت لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی، تەنانەت ئەگەر لە لێبوردنی تایبەت یان گشتی ڕووماڵکرا بێت.

**دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران چین؟**
ئەنجومەنی کۆمسیاران بەرپرسیارە لە جێبەجێکردن و چاودێری کردنی گشت بوارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن بەگوێرەی ڕۆژژمێری هەڵبژاردن. ئەنجومەنی کۆمسیاران پەسەندی تۆماری دەنگدەران، لیستی پارتە سیاسیەکان و کاندیدەکان دەکات. متمانە بە چاودێرانی هەڵبژاردن و میدیاکاران دەدات؛ پێداچوونەوە بە سکاڵا و تانەکان دەکات و بڕیار دەدات، پەسەندی ژماردنی دەنگەکان دەکات. هەروەها ئەنجومەنی کۆمسیاران ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان پەسەند دەکات و ڕادەگەیەنێت جگە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، کە لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵیەوە پەسەند دەکرێت. هەروەها، ئەنجومەنی کۆمسیاران دەسەڵاتی ئامادەکردنی ڕێنماییە پەیوەندیدارەکانی هەیە؛ لەگەڵ پەسەندکردنی پێکهاتە ڕێکخراوەییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان؛ ئامادەکردنی یاسای ناوخۆیی دامەزراندنی پۆستە باڵاکان بەلەخۆگرتنی سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن و ئامادەکردنی سیاسەتی دارایی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. سەرەڕای ئەوەش، ئەنجومەنی کۆمسیاران ڕێگایەک ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بڕیارەکانی بە زمانی عەرەبی و کوردی و ئامادە کردنی ڕاپۆرتە وەرزییەکان بۆ ئەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێن.

**ئایا ئافرەتان چۆن لە ئەنجومەنی کۆمسیاران نوێنەرایەتی دەکرێن؟**
گەرچی هیچ کۆتایەکی جێندەر لە ناو ئەنجومەنی کۆمسیاران نیە. بەڵام یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان داوای نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتان لە ناو ئەنجومەنی کۆمسیاران دەکات. لە کاتی ئێستادا هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیاران ئافرەت نیە.

**ئایا زۆرینەی کۆبوونەوە و بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران چۆنە؟**
ئەنجومەنی کۆمسیاران پێویستە بە زۆرینەی ڕەها (لایەنی کەم ٥ ئەندام) دەست پێ بکات و بڕیارەکان بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانانی (لایەنی کەم ٥) ئەنجومەنی کۆمسیاران دەدرێن. لە حاڵەتی یەکسان بوونی دەنگەکان، ئەو بڕیارەی سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران پاڵپشتی دەکات زاڵ دەبێت.

**ئایا کارگێری هەڵبژاردن چیە؟**
کارگێری هەڵبژاردن لە نووسینگەی نیشتیمانی و گشت نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم و پارێزگاکان پێک دێت. نووسینگەی نیشتیمانی لە بەشی کارگێڕی و دارایی، بەشی یاسایی، بەشی کردارەکان و تەکنەلۆژیای زانیاری، بەشی میدیا و هۆشیارکردنەوە پێک دێت. نووسینگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگا بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە ناو پارێزگاکان. سەرۆکی کارگێری هەڵبژاردن کە لە لایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە هەڵدەبژێردرێت، کە دوو جێگری هەیە، جێگری کاروباری تەکنیکی و جێگری کاروباری کارگێڕی و دارایی کە ئەوانیش لە لایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە هەڵدەبژێردرێن. کارگێری هەڵبژاردن بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان،

ڕێنماییەکان و ڕێکارەکان کە ئەنجومەنی کۆمسیاران پشتیوانی لێدەکات، ئامادەکردن و جێبەجێکردنی پلانە کردەییەکانی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن، بەڕێوەبردنی گشت چالاکیە کارگێری و تەکنیکە پەیوەستەکان بە پرۆسەی هەڵبژاردن.

**ئەرکی نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان چین؟**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان نووسینگە لە ١٨ پارێزگا هەیە. پارێزگای بەغدا دوو نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەیە، یەکێکیان لە ڕەسافە و دانەکەی تریش لە کەرخ. کۆی گشتی ١٩ نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا هەن. بە شێوەیەکی سەرەکی نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا لە ژێر چاودێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گشت چالاکیە کرداریەکانی ناو پارێزگا ئەنجام دەدات بەلەخۆگرتنی دامەزراندنی ستاف، دەسنیشانکردن  و هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی دەنگدان، ڕاهێنانی ستافی ناوەند/وێستگەی دەنگدان، چالاکیەکانی هۆشیارکردنەوە، گواستنەوەی کەرەستەی هەڵبژاردن و ئاسایشی ستاف و کەرەستەکان.